ئەفسانە لە نێو جووکان لە هەرەمی کوردستان.. د. زریان جۆزنی محەمەد

چەند نمونەیەکی هەڵبژاردراوی ناوچەی بادینان..

بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرە بکەن..

ZryanKakei_JwekanDownload

کتێب\ کوردستان و خەباتی ڕزگاری نەتەوەیی.. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: گەران عەبدوڵا

(ئەم کتێبە دیالۆگکی قوول و هەمەلایەنە یە لە نێوان بزووتنەوەی سۆشیالیستیی نێودەوڵەتی و چەندین ڕەوت و گرووپی سیاسیی دیکە سەبارەت بە مافکانی کورد، ئازادی نەتەوەیی و ڕەی شۆشگێڕیی سۆشیالیستی لەم خەباتدا پشکش دکات…)

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن..

GoranAbdullah_Kurdistan_IBTDownload

بەشداری ژنانی شاعیر لە خەباتی کرێکارانی ئۆتۆمبێلسازیی کەنەدا!.. ئامادەکردن وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : عەبدوڵا سەرمان(مەشخەڵ)

پێشوتن

خەبات بۆ وەستانەوە دژ بە فەلاکەتباری ژیان و کاری ژنان لەنێو بزووتنەوەی کرێکاریی کەنەدا بە سەرەتایەکی زەحمەت و پڕ لە کێشە و گرفت دەستی پێکرد. ژنان لەو هەلومەرجە نائینسانییەدا کە سەرمایەداری بەسەریاندا فەرزی کردبوو، دووجار دەچەوسێنرانەوە، جارێک وەکو کرێکار و جارێکی تریش وەکو ژن. دەخی کۆمەڵایەتی بزووتنەوەی کرێکاران و ئاگایی سیاسی و چینایەتی ئەو بزووتنەوەیە لە کەتایی نیوەی یەکەم و سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم لەئاستێکی نزم دابوو بەجۆرێک کە ژنان زەرجار جگە لە سەرمایەداران و بەرژوازی دەکەوتنە بەر هێق و نەفرەتی پیاوانی کرێکار و هاوچارەنووسەکانیشیان. حیزبە سیاسییەکان و نەقابە و یەکێتییە کرێکارییەکان و خەباتگێڕە سۆشیالیست و مارکسیستەکانی کۆمەڵگەی کەنەدا لەو قۆناغەدا هەوبەووی کۆمەڵە ئەرک و بەرپرسیارێتیی مێژووییی بوونەوە و تا ئاستێکی باشیش توانیان دەستکەوتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی گرنگ بەدەست بهێنن و فەرزی بکەن بەسەر بەرژوازی و سەرمایەدارانی کەنەدا. لەنێو بزووتنەوەی کرێکارانی کەنەدا، خەبات و تێکۆشانی ژنانی کرێکار لەململانێی نێوان کەمپانیاکانی جەنەڕاڵ مۆتۆر و فەرد و کرایسلەر لایەک و نەقابەکانی کرێکارانی ئۆتۆمبێلسازیی کەنەدا (١) لایەکی تر، لەوانلەوە لە فیداکاری و قوربانیدان لەپێناو مافە هەواکانیان. ژنانی کرێکار جگە لەوەی لەسەنگەری کارکردن و هەوبەووبوونەوەدا لەگەڵ سەرمایەداران شانبەشانی پیاوانی کرێکار لەهێزەکانی پێشەوەدا بوونە، لەهەمان کاتدا لەمەیدانی ئەدەبیشدا بەتایبەتی لەمەیدانی شیعر توانیویانە بوونی خۆیان بسەلمێنن و بەشیعر بەرگری لە خۆیان و مافەکانیان بکەن و بەشداری ئەو خەباتە چینایەتییە مەزنە بکەن. ئان بایی و مای پارتریچ و چەندین شاعیری تر (٢) لەو

شاعیرە کرێکارییانەن کە شیعریان وەکو چەکێک دژ بە ستەمی سەرمایەداری و کۆمپانیای جەنەڕاڵ موتۆر بەکارهێناوە. ژنانی کرێکار لەو قۆناغەدا (کۆتایی نیوەی یەکەم و سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی رابردوو) دووچاری گەلێ ستەم بوونەتەوە لەوانە کرێی کەمتر لە پیاوان، مەسەلەی هاوسەرگیری و منداڵبوون، نەبوونی بیمە و زەمانەتی کار، نالەباری بیمەی تەندروستی، پشوو و چوونە سەرئاو، پرسی سینیۆریتی (٣) و دابینکردنی پێداویستییەکانی کارکردن(دەستکیش بە نموونە) تا دێگات بە گرفتی هەکخراوبوون لە یەکێتیی و نەقابە کرێکارییەکان. ژنانی کرێکار لە کۆمپانیای ئۆتۆمبێلسازی کەندا سەرباری گرفتەکانیان، بەڵام توانیان مۆژوویەکی گەش و پرشنگدار بە خۆیان تۆمار بکەن و دەستکەوتە چینایەتییەکانیان ببێتە مایەی سبەینێیەکی باشتر بۆ نەوەکانیان.



شیعر و ململانێی چینایەتی

کۆمپانیای جەنەڕاڵ موتۆر لە کەندا لە ساڵی ١٩٦٣ کۆمەڵە بەیاری دژە کرێکاریی دەردەکات سەبارەت بە گواستنەوەی چەند بەشێک لە کۆمپانیاکە لەشاری (ویندزەر)ەوە بۆ مەبەندی مەککینەنی پیشەسازی لەشاری (سەین کاترین) و هەورەها گواستنەوەی بەشێکیش لە مەکینەنەوە بۆ شاری لەندەنی ئۆنتاریۆ. جگەلەمەش کۆمپانیای جەنەڕاڵ موتۆر بڕیاری دروستکردنی گەڵ دەگوازێتەوە بۆ هەکرفیۆ و هاشیگیان کۆمپانیا لەناوچەی ویندزەر بەشێکی نوێی بۆین دادەمەزرێنێت و ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوە و تێنانێت داخستنی بڕیاری دووریەن لە ئۆشاوا. کاتێک ناڕەزایەتی کرێکاران دژ بەم سیاسەتەی کۆمپانیا دەست پێدەکات، کۆمپانیای جەنەڕاڵ موتۆر نوێنەرانی نەقابەی کرێکاران دێنیا دەکاتەوە کە ئەم ئاوگۆ و گواستنەوانە بەهیچ جۆرێک کاریگەری لەسەر کرێکارانی پیاو دانانێت. هەرواش بوو کاریگەرییەکە تەنها ژنانی کرێکاری گرتەوە و نزیکەی ٤٠٠ ژنی کرێکار کەوتنە دەخی مەترسی لەدەستدانی کارەکانیان. لەم هەلومەرجەدا مەی پارتریجی ژنە کرێکاری شاعیر و بەرپرسی کۆمیتەی کرێکارانی ژنان لە هەکخراوی یەکێتیی کرێکارانی ئۆتۆمبێلسازی

کۆنەدا لەساڵی ١٩٦٧ شیعرێک بەناوی (کۆتایی کۆنەفتی "٣٢") دەنووسێت و لە ڕۆژنامەی(ئۆشاوا ئەکەر)(٤) بڵاوی دەکاتەوە، کە بەمجۆرە ڕاز و نیگەرانی ژنانی کرێکار وەنا دەکات:


NEXT YEAR'S PRESIDENT TO BE FULL TIME AND PAID?
The UAW-CIO
OSHAWORKER
LABOR COUNCIL ELECTS OFFICERS
Notice!

هاوبەشی خەمکانی یەکدی دەبووین
کاتێ لەکار دووا دەکەوتین
بڕیام لەکۆتایی وەرزدا
لە وەختی خۆی تەواو دەبووین.
هاوبەشی تێگەیشتنی یەکدیمان دەکرد
کە سکاڵامان لە بەختی خۆمان دەکرد
بڕیام ژنبوون تاکە تایبەتمەندییەکمان بوو
تاکە شتێکیش هەمان بێت.(٥)

کۆمپانیا لەهەمبەر خولقاندنی ئەم دۆخە دژوارە بە ژنانی کرێکار لەوپەڕی دەست ئاوەڵایی دابوو، چونکە یاسای پاراستنی مافەکانی هاوڵاتی کۆنەدیی، خێکی کۆنەدیی دەپاراست لەهەر هێرشاوردنێک لەسەر بنچینەی نەتەوە و ئایین و ڕەنگیپێست، بڕیام جێندری تیا نەبوو. بەیە پایەیکی خەباتی کرێکارانی ئەو قۆناغەی بزووتنەوەی کرێکاری کۆنەدا چێسپکردنی پاراستنی مافی یەکسانی جێندەر بوو لەو یاسایەدا. جۆرەها مێتۆد هێندە دژە ئینسانیی بوو تانانێت ژنێک دادەزرێنن کە نەیان دەزانی دووگیانە و سکەکەی سێ مانگانە. کاتێک هاتە ئانوساتی منداڵبوون و کرێکارەکە چووە خەستەخانە، کۆمپانیا ئەو کرێکارەی دەرکرد.
یاساکان تێپەڕێنران و پێسندکران
لەلایەن ئەو کۆمپانیا زبەلاحەی ناوی جۆرەها مێتۆد
تێکۆشانمان دوورە لەوەی کۆتایی بە
هەتا پیاوان وشیار دەکەین
دەزانین ڕەگەی ئەم جیاوازە
لەم سەنگەرەوە هاوڕاین کەوا

ئەم دوای ئازادی ناکەین
تەنها یەکسانیمان دەوێ.(٦)
شاعیر لە شیعرێدا بەووونی باس لە نیگەرانی گرفتی جێندەر دەکات. سکاڵای شاعیر هەم وەک کرێکارێک و هەم وەک ژنێک لەشیعرەکەدا ڕەنگی داوەتەوە. دیارە گرفتی ژنبوون لە کۆمەڵگەی کۆنەدا تا ئەم دەیانەی دواییش هەر هەبووە و ڕەنگە ئێستاش لەم گۆشە و ئەو گۆشە هەبن. ئەوەی کەمپانیا لە ژنانی کرێکاری دەویست تا بڵێی نائینسانانە بوو. وەکو کرێی کەمتر لە پیاوان و مندا نەخستنەوە و شان خاڵیکردن لە بەرپرسیارێتی خانەواده. بەیە دروشمی (یەکسانی) یەکێک بووە لە دروشمە هەرە بەرجەستەکانی خەباتی ژنانی کرێکار لەو قۆناغە دیاریکراوەی ژیانی بزووتنەوەی کرێکاری. ئان بەیەی ژنە شاعیری کرێکاریی بە گەیشتن بە مافەکانیان باس لە لێکهەڵپەکرانی خەباتی ژنان و پیاوان دەکات و بەرگری لە کەمیتەی ژنان دەکات و خەباتەکەی دەکات.



دەتەوێ بزانی چی دەکەین و بۆنیازی چین
هەوڵ دەدەین بۆچاوی هیچ کەسێکی تر نەبینین
بۆ مافەکانی ژنان هاتووینەتە مەیدان
تا کۆشکانیان بخەینە بەرباس و دووان
نابێ لەوەزیاتر دەستەوەستان بین
وا هەست بکەین
ئەمەی ژن هیچمان پێناکرێ
توانای کارکردن و ئاسان
شانبەشانی هاوڕێی کرێکاری پیاوین
ئەمە خوازیاری یەکسانین
ڕەنگە تێبگەی ئەگەر هەردوو پێکەوە بین
چەند گونجاوین.(٧)

ساڵی ١٩٦٥ تا ١٩٦٧ کەمپانیا تا دەهات فشارەکانی لەسەر کرێکارانی ژن زیاتر دەکرد ئەویش بە کەمکردنەوە و دەرکردنی کرێکارانی ژنان

لە بەشی دووەین، بەیە مەی پارتریچ شیعرێک وەک نامەیەک بە سەرکی کۆمپانیای جەنەرال موتۆر (مستەر ئۆکار) دەنێرێت. پاتریچ لەکۆتایی شیعرەکەیدا دەڵێت:

ئەمە هیچ لەخۆبایی نین پەمانوایە تەنها ئەوە مانادارە
ساڵی داهاتوو گەر کار بکەین دەمانەوە بزانین لە کوێ کار دەکەین.
(٨)



لەو ململانێیەی نێوان کۆمپانیاکان و نەقابەی کرێکاران کە کرێکاران بەگشتی و ژنانی کرێکار بەتایبەتی ببوونە ئامانج، ئەو ئاگایی چینایەتییەی کە دەبوو لەئارادا بێت بەپەی پەویست نەبوو. مەی پارتریچی شاعیر دەڵێت(ئەمە لەو بووین و پیاوانی کرێکاریش هیچیان لەدەست نەهات. جا پێیان خۆش بێت یان نا ئەمە دەبوو دژ بەو بەیارانە بوەستینەوە.) (٩) ژنانی کرێکار لە کێبووندەوەی یەکێتیی کرێکاران بەشدار دەبوون و بەتووندییەوە دەیان پرسی چەند کرێکاری ژن لەکار دەرکراون یان دەردەکرین؟ ژنێک لەیەزی پشتەوەی ناڕازایەتی و خەباتی ژنان شیعرێک دەنووسێت و بەمجۆرە گوزارشت لە دەخی شۆڕاوی خەیان دەکات:

ئەمە چاوەڕوانی بەفەرمی ناسینین وا چاکترە زوو بڕێدی
هەست دەکەم زۆر تەنیا ترم لەو پیاوەی وا پێیەکانی نایە سەر مانگ
ڕۆژنامەنووسەکانت هەموو ناوازەن شتێک دەبێت لەبیر بێت
من وەکو ژن پەلینکراوم، بەڵام ئەندامی نەقابەم.(١٠)

سەرباری ئەوەی نەقابەی کرێکاران ئای دەگەیاند کە ڕێکخراوەکەیان جەگەی ژنانی کرێکار و ژنان دەتوانن پشتەوەی تیا بنوێنن و خەبات بکەن بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی جێندەر، بەڵام ژنانی کرێکار ڕێکخراوەکەیان وەکو ڕێکخراوێکی پیاوانی کرێکار دەبینی. ئەم گرفتە کە گرفتێکی کۆمەڵایەتی چینایەتی بوو پەیوەندی بە ئاگایی چینایەتییەوە هەبوو. وشیاری سیاسی کرێکاران بەگشتی لەئاستی پەویستدا نەبوو و هەر ئەمەش وایکردبوو بەرژوازی و سەرمایەداران بتوانن لەژێر ناوی جێندەر (ژنان و پیاوان)، واتە ێیزی کۆمەڵاتی کرێکاران پچڕ پچڕ بکەن و لاوازیان بکەن. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەنێت

کە ئاگایی سیاسی چینایەتی لەو خەباتەدا ئامادەیی نەبووە.
ئەم کۆمیتەیەکمان هەبژارد
تەنها و تەنها بە یەک ئامانج
تا گرێبەست یەکسان بکا
بەو هەڵگاچارانەی دەیدەزێنەوە
لە تەواوی هەژنامەکان
هەندێک بە پشت گوێخستنی پیاوان
کەتایی بە هەنگاوی ژگاری ژنان دێنن
ئەمەش خواست و ئامانجی نییە.
تا ئەو کاتەی پیاوان وشیار دەکەینەوە
دەزانین کە دزاینی ئەمەی ژنان جودایە
لەم وانگەوە هەموو کەکین لەسەر ئەوەی
ئەمەی ژنان بەدوای ئازادیدا وەک نین
تەنها یەکسانیمان دەوێت.(١١)
مەسەلەی یەکسانی جێندەر لەو قۆناغە مەژووییە لە خەباتی ژنانی کرێکار لە کەمپانیای ئۆتۆمبێلسازی کانەدا، مەسەلەیەکی گرنگ و هەستیار بووە و شیعریش ئامرازێکی خەباتکارانە بووە کە ژنانی کرێکاری هەڵسوڕاو و شاعیر دەستیان بە بردوە و دژ بە چەوسانەوەی سەرمایەداران بەکاریان هێناوە.

دواقسە
ژنانی شاعیر و کرێکار لە نەقابەی کرێکارانی ئۆتۆمبێلسازیی کانەدا لە لە کەتایی نیوەی یەکەم و سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، تێکۆشاون لەپێناو مافە ڕەواکانیان و بەشیعر گوزارشتیان لەو خەباتە چینایەتییەی کرێکاران کردووە. شاعیرانی وەک مەی پارتریج و ئان بەیلی و شاعیرانی تر شانبەشانی هەڵسوڕاوانی کرێکاران، کەلەنو مەژووی خەباتی یەکەتیی کرێکارانی ئۆتۆمبێلسازیی کانەدا هەڵسوڕاو بوونە و لەڕگەی شیعرەوە توانیویانە جوانترین شانازیان بە خەیان دەستەبەر بکەن. بەشداری ژنانی شاعیر لەو خەباتە بەشداریەکی چینایەتی بووە و شیعریش ڕەهەندی مەژووییە و کەمەایەتی خەباتکارانەی خەی گەڕاوە و بووتە ئاوێنەی باڵانومای ئەو خەباتە پە لە سەروەریەی ژنانی کرێکار.

ئامادەکردن وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : عەبدوڵا سەمان(مەشخەڵ)
سەرەتای کانوونی دووەمی ٢٠٢٥

سەرچاوە و پەراوێزەکان :
(١)نەقابەی کرێکارانی ئۆتۆمبێلسازیی کانەدا (Canadian Auto

Worker)؛ یەکێک بوو لە گەورەترین سەندیکا کانی کرێکارانی کەندا، بەڵام لەگەڵ نەقابەی پیوەندیدیکان و نەقابەی وزە و کرێکارانی کاغەزی کەندا یەکیان گرت و لە ساڵی ٢٠١٣دا یەکێتیی نەقابەکانی(یونیفەر)یان پێکهێنا. ئەم نەقابەیەلە سەرەتادا لە کارگەکانی ئۆتۆمبێل لە ئۆنتاریۆ لەساڵی ١٩٣٧ دامەزراوە، جەرج بیرت لە ١٩٣٩ تا ١٩٦٨ واتە بە ماوەی ٢٩ ساڵ، سەرکی ئەو نەقابەیە بوو. ئەم نەقابەیە کرێکارانی کەمپانیاکانی جەنەڕاڵ مۆتۆر و فۆرد و کرایسلەر لەخۆ دەگرت. دوای چەندین ئاڵوگۆڕ ئەم نەقابەیە ئێستاش لە زۆرێک لە کەرتەکانی ئابووریدا نوێنەرایەتی کرێکارانی کەندا دەکات.

(٢)بەداخەوە نەتوانرا زانیاری لەسەر ژیانی ئەو ژنە شاعیرە کرێکارانەی کە بەشیعر گوزارشتیان لە خەباتی خەیان کردووە و ناویان لەم نووسینەدا هاتووە، بەردەست بخەین. لەلایەکی تریشەوە بەگوێرەی سەرچاوەکان زیاتر لە بیست و پێنج هەسوداوی ژنانی کرێکار لەبراوانە تەکەشاون لەپێناو بەرگریکردن لە ئینسانییەتی ژنان و پیاوانی کرێکار و مافەکانیان.

(٣)بەپێی فەرهەنگی ئازادی وشەی سینیریتی بەمانای تەمەن گەورەتری یان سەرکەتی یان باباتری یان لەپێشتربوون دێت. من ئەم ئافانەم بە گونجاو نەزانی و هەر وشەی سنیریتیم وەکو خۆی دانایەوە.

(٤)ڕۆژنامەی ئۆشاوا ڕکەر(Oshawa Worker Newspaper)؛ ڕۆژنامەیەکی کرێکاریی بوو و پاشان بوو بە گۆڤار لەلایەن لیژنەی ڕۆشنبیری نەقابەی کرێکارانی ئۆتۆمبێلسازیی کەندا لەکاڵی ٢٢٢ ەوە، دوو مانگ جارێک بەچوار لاپەڕەی قەبارە گەورە بڵاودەکرایەوە. ولیەم نەبە لەدیەی چلەکانی سەدەی ڕابردوو سەرنووسەری چەندین ژمارەی ڕۆژنامەی ئۆشاوا ڕکەر بووە. پاشان ڕۆژنامەکە دەبێت بە گۆڤار.

(٥)Labour’s Dilemma, The gender Politics of Auto Workers in Canada 1937 – 1979, Pamela Sugiman, University of Toronto Canada, 1997, page 138 and 139.

(٦)هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕەکانی لاپەڕە ٢٠١ و ٢٠٢.

(٧)هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە لاپەڕەکانی ٢٠٢ و ٢٠٣.

(٨)هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٤١.

(٩)هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە لاپەڕە ١٥٥.

(١٠)بەداخەوە ناوی شاعیرەکە تۆمار نەکراوە. هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە لاپەڕە ١٥٥.


(١١)Labour’s Dilemma, The gender Politics of Auto Workers in Canada 1937 – 1979, Pamela Sugiman, University of Toronto

.Canada, 1997, page 200 and 202

ئەو هەیەی چینی کردە پێشەنگی بۆشایی ئاسمان!.. وەرگێڕانی: هێمن حەسەن

لە هەڵکانی مەزەخانەی شەنگهای، زیاتر لە 70 هەزار پێشانگا چیرەکی پیاوێک دەگێڕنەوە – پیاوێک کە لە چین بە "زانای خاک" ناسراوە و باوکی دامەزرێنەری بەرنامە بۆشایی و مووشەکییەکانی چینە. ناوی کیان شویسن، بەڵام لە ئەمریکادا، ئەو وڵاتەی کە بە یەکەمجار کیان شویسن تێیدا گەشەیسەند، ناوی "کیان" کاڵ بووەتەوە لەگەڵ ئەوەشدا، میراتە زانستییەکەی لە دوو وڵاتدا هەست پێدەکرێت – یەکەکیان زەر درەنگ لە باوەشی گرت و یەکەکیان زەر زوو دەربەدەری کرد

لە شەنگهایەوە بە ئەستێرەکان



کیان شویسن لە ساڵی 1911 لە شاری هانگژۆی چین لەدایکبووە و خوێندکارێکی زیرەک و لە زانکۆی "شەنگهای جیاو تەنگ" لە بەپلەی یەکەم دەرچووە. سکۆلەرشیپێکی دەگمەنی بەدەستهێنا بۆ خوێندن لە

ئەمریکا، لەکەینەوەکانی لە بواری ئایرۆداینامیکدا بە خرایی سەرنجی ئەمریکیەکانی ڕاکێشا، هەر لە کالتەک بوو کە کیان بوو بە بڕشک لە گروپێکی بوێری زانای گەنج کە تاقیکردنەوەی موشەکسازی سەرەتاییان کرد. ئەوان ناویان لێنرا "کەمەرەی خەکوژی- لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوە تەقینەوەکانیان زەرجار بە تەپی ئاگرین و ترس و دڵەڕاوکێ کۆتاییان دەهات، تاقیکردنەوەکانیان بووننە بناغەی تاقیگەی پاینەری جێت ، کە تا ئێستاش وەک بەردی بناغەی گەڵان بەدوای بڕشایی ئاسمانی ئەمریکیدا ماوەتەوە،لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا، کیان شویسن پەیوەندی بە "پرۆژەی مانهاتن" کرد، بڕشداری کرد لە پەرەپێدانی سیستەمی مووشەکی کە توانای گەیاندنی سەری ئەتەمی هەبێت. ئەو کار لەسەر مووشەکی کەرپەرال کردووە – یەکەم مووشەکی ئەمریکی کە بە گەیاندنی ئەتەمی دیزاین کراوە – و بە یەکجاری لە پسپۆڕە پڕشنگەکان دادەنرا لە بواری پاینانی فڕکە و ئینمایکردنی مووشەک، ئەو ئەوەندە گرنگ بوو کە لە ساڵی 1945 لەگەڵ فیزیازانێکی پڕشنگ تیەدەر ڤەن کارمان ڕەوانەی ئەڵمانیای دوای جەنگ کرا بە لەکەینەوە لە زانایانی موشەکی نازی، لەنەویاندا وەرنهەر ڤەن براون. ئامانجی ئەرکەکە: دەنیابوون لەوەی ئەمریکا لەواری زانستی ئەڵمانیای بە میرات گرتووە،کیان شویسن بە هەموو پەوەرێک کەسایەتییەکی سەرکی بوو لە سەرهەڵدانی ئەمریکا وەک زلهێزێکی تەکنەلۆژی، بەڵام لەگەڵ شڕەی ساردا دەخەکە گەڕا. دوای شڕەشی پارتی کۆمۆنیستی چین لە ساڵی 1949، کۆشوهەوای سیاسی واشنتۆن گومانی لە هەر کەسێک کرد کە پەیوەندی بە چینەوە هەبێت. کیان شویسن سەرەڕای ئەوەی هیچ بەڵگەیەک لەسەر سیخوڕیکردنی بە چین نەبوو، بوو بە ئامانج. بە تەمەتی هاوسەزی کۆمۆنیستەکان، مەتەتی ئەمنی لەسەندرایەوە و خرایە ژێر دەستبەسەری و زیندانیکردنی ماڵەوە، بە ماوەی پێنج ساڵ ، یەکێک لە دڕوشاوەترین عەقڵەکانی کەمەڵگەی زانستی ئەمریکا بەدەنگ کرا – بەهرەکانی نێک بەهەی نەبوونی لەهاتوویەوە، بەڵکو بەهەی ترس و سیاسەتەوە بەفیڕچوو،لە ساڵی 1955 لە ژێر فشارێکی پڕرسەندوو و سەرەڕای ناڕەزایەتی هاوکارەکانی، سەرێک دوایت ئایزنهاوەر دیپارتکردنەوەی کیان شویسنی بە چین پەسەند کرد،کیان شویسن لە کاتی گەڕانەوەی بە چین سەرکردایەتی چین درکیان بەوە کرد کە چیان دەستکەوتووە: زانایەکی ئاستی جیهانی کە لەلایەن باشترین دامەزراوەکانی ڕۆژئاواوە ڕاهێنراوە،لە ماوەی پانزە ساڵدا، کیان شویسن سەرکردایەتی کرد بە ئەوەی یەکەم مانگی دەستکردی خەی بەناوی "دەنگ فانگ هەنگ 1" لە ساڵی 1970 بە بڕشایی ئاسمان هەبدات، تەواوی نەویەکی ئەندازیار و زانای چینی ڕاهێنا. کارەکانی بناغەکانی سیستەمی مووشەکی چینیان

دانا – لەوانە ئەوانەی کە دواتر لە جەنگی کەنداوی 1991دا بەکارهێنران، کاتێک هێزەکانی ئەمریکا هێرشیان ئەو تەکنەلۆژیایە بوونەتەوە کە یارمەتی پڕۆپەدانی دا. وە دواترینیان ئەو مووشەکانەی حوسیەکانی یەمەن دژی کەشتیە بازرگانیەکانی ئەمریکا لە دەریای سوور و ئیسرائیل بەکاریان هێنا،دوای چەند ساڵێک، دان کیمبڵ، وەزیری پێشووی هێزی دەریایی ئەمریکا و سەرۆکی کەمپانیای موشەکی ئایرجێت، بە پێشیمانیەوە بیری لە دێرینەی زەرملەی کیان کردەوە ووتی: ئەو گەمژەترین بڕیار بوو کە ئەمریکا داوویەتی،ئەمڕۆ کە واشنتۆن جارێکی دیکە بیر لە سنووردارکردنی خوێندکاران و زانایانی چینی دەکاتەوە، چیرۆکی کیان بیر ئەمریکیەکان دەنێتەوە،کیان شویسن یارمەتی دا لە داهێنانی بەرنامەکانی بۆشایی ئاسمانی دوو زلهێزی جیهانی ئەمریکا و چین. بەڵام تەنها یەکێکیان وەک پاڵەوانێک هەڵیبژارد.

و/ هێرۆ حەسەن

سەرچاوە:
How China Entered the Space Race
https://www.wired.com/2015/04/how-china-entered-the-space-race/?utm_source=chatgpt.com
The Two Lives of Qian Xuesen
https://www.newyorker.com/news/evan-osnos/the-two-lives-of-qian-xuesen?utm_source=chatgpt.com

---

“کێلەی کوردستانم و نۆکەری باینجان نیم”.. هەڵەر نەریاوی

(سەبارەت بە خەباتی قەڵەمی هێژار)

وشەی دەستپێک:
ئەوەی تەسقاڵێک لە کرێکی بیر و هزری هێژار موکریانی(1921-1991) تێبگات،سوور دەزانێت پڕەشی یەکەم و کۆتایی هێژار تەنێ زمان و نەتەوەیە و نە هیچی دی. خوێندنەوەی سەرپاک بەرهەمی هێژار دەرخەری

ئاوایە هەموو کوردەواری و چەرمەسەریەکی ئەم کەسایەتییە درەوشاوەیەی ژووبەری فەرهەنگیی کوردان تەنیا لە پێناو بەاوکردنەوە، پارێزدان و پێشخستنی زمان و دەزی ڕەوای نەتەوەکەیدا دەبێت. هەژار دنیا دەپشکنێت تا دەنگی دلدەری نەتەوەکەی بێت. واتە زمان و نەتەوە بە دوو دیوی دراوێک و بە یەک دید سەیر دەکات.

خاتی قەمی هەژار:

ڕۆژهەڵاتی نیشتمان و شاری سنە، ڕۆژانی 7 و 8ی مانگی جۆزەردانی 2725(28 و 29ی مای 2025)ژووداو و بوێرێکی کولتووریی باکەشی بەخۆوە بینی. هەژار دیسانەوە بووەوە بە تەوەر یان بە واتایەکی ئاستەر، چەترێک بە گڵەربوونەوەی دیان مرۆی خەمخۆر و پڕشی چاند و زمانی کوردی و هەڵەکی نوێ بە شادبوونەوە بە ژوخساری یەکدی دەست کوتەوە. سەبارەت بە ڕووسمی خاتی قەمی هەژار لە گۆشەنیگای خەمەوە دەرووێک لە ژووی خوێندەر دەکەمەوە.

یەکەم، هەموو بەرگێک دەبەر هەژاردا تەنگ، بەرگی نەتەوەپەروەری نەبێت! ناونیشان و سەردێڕی نووسینەکەیش کە لە ستەیەکی خودی هەژار موکریانی وەرگیراوە، ئاشکاوانە سەلمێنەری هەمان بۆچوونە و چ پێویستی بە شەرح و ڕاڤە نییە. بۆچ ئەم پێیقە بە زماندا دەهێنم؟ هەژار بە خۆی چێندە بەگرە و گڕە بەرسڤی ئەم پرسیارە دەداتەوە و دەڵێ:

"بە دەربەدەری یان لە ماڵی خەم
لە خاکی عەرەب، لە ئێران و ڕۆم
کوردم و لە ڕۆی کورد و کوردستان
سەر لە پێناوم، گیان لەسەر دەستان"

لەڕەوە دامانێنی بەرگی کوردستانیبیوون و دەبەرکردنی بەرگی ئێرانیبوون ئەو کاڵا ناڕەسەن و قەبەیە هەرگیز لە جەستەی هەژاردا جێی نابێتەوە. پێ ووتنە کردنەوەی هەر دەرووێک بە ڕاژە و خزمەتکردنی چاند و زمانی کوردی لە بن ئەم گۆزە ئاسمانی ناوی ئێرانی لەسەرە، هەوە و خەباتێکی خەمخۆرانە و دەسزانی گەرەکە و ئەرک و کارێکی هەر وا سووک و سانا نییە و هەموو ووناکبیرێکی وریایش، ئاگاداری کەند و لەندەکانی سەرەیە. بەڕام کەمەی ڕۆشنبیریی ئەستای کورد لە سەرەتای شەستەکانی هەتاوی(هەشتاکانی زایینی)دا نییە کە هەموو شتێک لە نەو جۆغز و بازنەیەکی بەرتەسکدا ببینێتەوە و خۆ لە هەمبەر پرسە جۆهەرییەکان نەبان بکات و هەموو پرسێک ببا تەوە سەر ئەو ئەستە پڕپاگەندەیی و دروشمئاسا و بەواتایە کە گوایە "کورد لە کۆی دنیا بێت، ئێرانییە". زۆر سادە و ساکار دەپرسم گەلە بەدرۆزایی دیرێک ئەم پرسە یان ئەم دروشمە زەقە، چ دادێکی کوردی بە پێشخستنی زمانەکەی و دەزە هەرە ڕەواکەی

نەتەوەکەی داوە و تا هێنووکە بە شێوەی کردەیی چی لێ شین بووە؟ دووەم، تا کاتێک لە هەر پارچەکی نیشتمانەدا لە لای دەستەڵاتدارەکان پرسی کورد وەک نەتەوە و زمانی سەربەخۆ لە خودی دەستووردا یەکلا نەکرێتەوە یان بە واتایەکی دی، نەچێتە واری کردەیی و هێنگاوی کرداری بە هێنگیردرێت و چارەسەر نەبێت، بە لای منەوە هەموو هێنگاوێکی لەم چەشنە تەنە هەوکەش و هەڵومەرجانەدا دەبێت و کاتیی و ئۆپۆرتۆنیستی بە هێزانێک هەڵپە و کەڵەجانێک دروست دەکات و نەفرەتر.

سێیەم، پەیامی قیدیەیی "حەداد عادل" (1945) سەرچاوەی زانیاریی زمان و تێرەی فارسی (فەرهەنگستان) کە باڵاترین کۆسایەتی فەرهەنگیی دەستەڵاتە و هەموو شتێکی کوردان بە ناوی (محلی) و (قومی) و... ناودێر دەکات، هەوە هاستینەکەی پرسەکە سەد هێندە زێتر ئاشکرا دەکات و هەمدیس هەمان هاستیی تاڵمان دەرخوارد دەداتەوە کەچی ئەمەی کورد بەمە خەنین و هەر لە دووی ژانبە دەگەڵین نێک چارەسەری یەکجارەکی. هەروەها ئاخاوتنەکەی نوێنەری فەرهەنگستانی زمان و تێرەی فارسی، "محەممەد دەبیرموقەدەم" (1953)، کە وەک هەمان بنەشتە خشتەکەی سەرزاران کە بەردەوام کورد بە هاسانترین ئێرانی و لە هەگزی ئاری لە قەدەم دەدەن، ئەی نابێت لە خە بپرسین ئەم چەشنە دروشمانە تا ئێستا چییان بە کورد بەخشیوە؟ هەروەها زەرینەی پانلیستەکانیش کە کورد بوون و مخابن تەنە دەوری لاساییکەرەوەیان دەبینی، قسەی سەر زار و بن زاریان دەبردەوە سەر ئەوەی کورد لە کوە بێت، ئێرانییە!

چوارەم، دەگرتوێت بەردی بناغەی بینایەک گەر هەژی یەکەم بە خوار دابنرێت، دواتر هاستکردنەوەی پێویستی بە هەڵتەکاندنەوە دەبێت نەوەک لابردن و گەینی یەک و دوو خشت. خەڵاتی قەڵەمی هەژار لە ساڵی دەستپێکدا بە هەموو لایەنە ئێرێنی و نێرێنییەکانیەوە قەناخی یەکەمی بێ و هەژاری موکریانی جارێکی دی هەنایەوە نێو چەقی بازنەکە و بە داهاتوو، زێر پرس و هە و هەگەر لەم پێوەندییەدا دەوریان دەبێت. بەشکی ئێرکەکە لە ئێستەی کەمەڵەی هەشنبیری و بەشکەی دی کە دەورگەڵەی سەرکی دەبێت، هەووی لە کەنالی فەرمیی و خودی دەستەڵات دەبێت کە تا چەندە دەور بە کەشوبای ئازاد و پێنووسی هەوناکبیری سەربەخە بدات و دیوە هاستینەکەی هەژار تێدا دەربکەوێت!

پێنجەم، لە نێو کەمەڵەی هەشنبیریی کوردیدا هەژار بەردەوام لەبەر ئەوەی لە مەترەزکەوە دەردەکەوێت، وەبەر هەخنە و بگرە زەر جاریش بەناهەوا تیر و توانج و پێلامار دەدرێت. هەژار گەر هەوو لە مەلا مستەفا بارزانی (1903-1979) دەنێت، چونکە گەلپەروەربوونی تێدا

دەبینرێت. پێی وا بووە لەو سەردەم و ڕۆژگارەدا بارزانی دەتوانێت تەکانێکی هەرەقوتی بە خەبات و بزاڤی نەتەوەیی کورد بدات و دەزی کورد چەند هەنگاوێک واوەتر ببات کە دیرێک باشترین بڕگە بە سەلماندن و دەرخستنی ئەم پرسە دەبێت و هەرا و ئاژاوەنانەوەی گرێک نییە. ئیدی هەر کەس و سەربەستە چلۆن لە هەمبەر ئەم پرسەدا بیر دەکاتەوە و هەژار هەرگیز ئەمە بەسەر کەسدا ناسەپێنێت؛ بەیەووناکبیری نهای کوردیش بەا وەک مافێکی کەسێکی سەیری پرسەکە بکات و سوار شەپۆلەکە نەبێت.
شەشەم،هەژار گەر دەست بە وەرگێڕانی چەند پەرتووکێکی عەلی شەریعەتی(1977-1933) و قورئان دەبات،پشکی سەرکیی پرسەکە ووی لە پاراستنی زمانەکەیەتی و بایەوە. لێ و لێخنکردنی کانیاوە زوڵاڵەکەی هەژار چ خزمەت بە فەرهەنگ و زمانی کوردی ناکات و هەر هەوڵێکی لاوکیش لەم پەوەندییەدا خێ لە چاوی خێککردنە و مەبەستیشی،خاپاندن و لەخشتەبردنی جەماوەر دەبێت.
حەوتەم،گرێک خەساتی قەڵەمی هەژار بە ئەو پێنووسە چەلەنگە کوردییانەی بێت کە زمانی کوردی،بە زمانی نووسینی خە دادەنێن و لە بەی ئەم زمانەوە دەیانەوێت لەسەر ئارەشە،کەند و کەسپ و پرسە هەستیارەکانی کەمەگەکەی خە بنووسن و بڕگەکی زانستیانە دەبەر زمانەکەیان بکەن. لەڕەوە ئەرکی لێژنەی داوەریی قورستر دەبێت و پەویستە تەنە دووی قەڵەمە ناکارا و سواو و نەریتییەکانی نزیک لەم ئالی و ئەو لایەنەوە نەکەوێت و وەک کەسایەتی خودی هەژار،لایەنی فرەهەندیی خەی بپارێزێت.
هەشتەم،بەشی فرەی تیزەری خەباتەکە کە بە زمانی فارسی بوو،لە دووی مەبەستکی لاوکیی کاڤامانە دەگەڕا کە هەرگیز ڕۆژک لە ڕۆژان پەرەشکی پلە دەیەمی هەژاریش نەبووە و تیرک بوو بە تاریکییەوە نرا. وەک میدیاکارکی کورد،ئەم ناساندن،هەم لە باری هونەرییەوە بە کرچوکاڵ و لاواز دەبینم و هەمیش لە ئاستی بژنی بڵندی کەسایەتییەکی وەک هەژاردا نەبوو و نەیتوانی بڵایەنانە سووکە ئاوەک لە وەستگە هەستیارەکانی ژیانی هەژار بداتەوە. بەردەنگی سەرکیی هەژار،کوردە ئیدی نازانم دەرهەنەر و ئاپەڕێنەری ئەم کارە لە شۆن چی وەڕ بوو! بەیە هیچ بە کاریگەرم نەبینی.
نەیەم،هەژار،بەو ساباتە دەنشینە دادەنرێت کە هەموو دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکانی نەو فەرهەنگ و زمانی کوردی لە بن سەبەرەکەیدا لە دەوری یەکدی کە دەکاتەوە و ئەمەیش هەر لە سەرەتاوە بە شیعر و شاعیری نەتەوەیی دەسەلمێنێت و دواتر بە چەندان بواری دیکەی وەک ڕۆژنامەگەریی و ئاگەیاندن،نووسین،وەرگێڕان،زمانی کوردی و زار و بنزارەکانی و قامووسنووسی درێژە پێدەدات و ئەمەکە هەر کوردەک و

لە هەر پار و بەش و دیالەکت و زارەکی زمانی کوردی، خودی خۆی لە نەو ئاوەنە زۆرانە و تەحەددا نگاتیپەکی هەژاردا دەبینرتەوە هەر بۆیە هەژار لە هووبەری تەشنبیریی کوردیدا بە هوخسارەکی فرەهەند دادنرێت. هەژار موکریانی کە بەدرێژایی تەمەنێک لە پێناو میللەتەکەیدا لە دەرووی شیعر، نووسین، قامووس، لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان دەدات، تاقە مەبەستی تەنیا خۆ لە خزمەتکردنی زمانەکەیدا دەبینرتەوە و بەس.

کۆلیموکا تەوحودی (کانیماران) (1941)، یەک لە هەما و نموونە زیندووەکان لەم پەوەندییەدا دەتە ئەژمار کە لە کۆکەدا ئاوەی لە گۆشەیەک لە خەباتی دوور و درێژی خۆی لە پێناو بووژاندنەوە، بەاوکردنەوە و پشخستنی چاند و زمانی کوردی لە خراسان و تەرخانکردنی هەموو ژیانی لە پێناو کوردندا دایەوە کە لایەنکی گۆشی ئەم تەوەسمە بوو. کانیماران گۆایەوە بە نەو دیرەک و لایەکی لە سەردانەکەی بە لای هەژار لە شارچکەی "عەزیمیە"ی کەرج کردەوە کە خۆی گوتەنی، هەژار بەم جۆرە بەرپیری چووە و پێی وتووە، وەرە شەرەفخانی من، دواتر وتیشی، هەژار ویستی دەستم ماچ بکات، لە من دەست و قاچی هەژارم هاموسی.

ئەنجام:

1 – لە هەر گۆشەنیگایەکەوە ئاوە لە پرسەکە بدەینەوە، هووداوەکە ئەرێنییە و پەویستە بە دادە مرە تەشنبیر و زانستوەر و پەرشکان جەوی مەیدانەکە بگرنە دەست و نەهێن بە ئاراستەیەکی خواردا بچێت.

2 – هەژار لە هەموو بارەکەوە دەبەتە ئاوەنە تا کورد خۆی بە هەر هەموو دەنگ و تەنگە جیاوازەکانەوە تەدا ببینرتەوە و وەک باشترین دەرفەت هەلەکە بقەزرتەوە.

3 – ئەم خەباتە پەویستە دەرکە لە هووی پەروەردە و بارهێنانی فەرمی بە کورد بکاتەوە و لەرەوە کورد دەنگی خۆی تا نزیکترین سەکەکانی دەستەات بگوزرتەوە و خوەندن و فەرکردنی زمانی کوردی بەرگی تەسمیبوونی دەبەر بکرێت و سنوورەک بە وەستاندنی دروشمە هاکەزاییەکان دابنرێت و دەستبەرداری بە هەڵەشەدانانی زمانی کوردی بە سەر ئاسایشی و...ببن و دەرفەت بدرێتە زمانی کوردی هەر لە باخچەی ساوایانەوە فەرکردن، خوەندنەوە و نووسین بەم زمانە دەست پە بکات.

هەژار وەک چلەن پەرشی یەکەم و کۆتاییی زمان و نەتەوەکەی بوو، هەر لەم سەنگەیەوە زۆترین ئاوە لە دەوەمەندترکردنی زمانی زانستیی کوردی بدرێتەوە و زۆترین بەرهەم و کتێب هووی لە پێتووکی کوردی بێت و پێنووسە پاکژ و پاراوە کوردییەکان بە کەمەی تەشنبیری

بناسرێن نەوەک دەنگ و ڕەنگێ سواوەکان.
4 – لەرێ ئەم قسە نەستەق و پەندە گەوهەرینەی بەرینانمانیش وەک چرای بەردەم دەکار بهێنین کە دەبژێت:"بەیە پێت ئەڵێم کاکە تا چاڵەکەم بۆ بگری"و بۆ دەنگی بڵند بڵێین گەر مەژووێکێ پرسی برایەتی و چی و چی بۆ زماندا دەهێنن،وەرن بۆ کردە بیسڵمێنن و خودی دەستوور و یاسای بنەڕەتی جێبەجێ بکەن و ئەمەیش ئامادەینە. بەڵام ئەم جارە کەمانە تەنێ بۆ پێکردنەوەی کەلێنێ لاوەکییەکان نەبێت.
5 – هەژار هەر لە دەستپێکی خەباتەوە تا دوادەم،خۆن بۆ ئازادیی و ڕزگاریی نیشتمانەکەیەوە دەبینێت هەر بۆیە دەبژێت:
"لاوەکان هەر کاتێ جژنی ڕەژی ئازادی دەکەن
بەنەوێ بیرتان هەژارێک،شاعیرێکی زاری کورد
داوەتێکی ڕەشبەڵەک بگرن لە دەوری گەڵەکەم
یەکتری ماچ کەن بۆ یادم دەبەر و دەداری کورد"
6 – هەژار بۆ دەربڕینی ڕوانگە و بۆچوون،بۆ خۆی ئازاد و سەربەست بوو،کەوی مەکێن!
جێی ئاماژەپێدانە ڕێوڕەسمی خەڵاتی قەڵەمی هەژار ڕۆژانی 28 و 29ی مانگی مای 2025 بۆ بۆشداریی و ئامادەبوونی دیوان نووسەر،وەرگێڕ،ڕووناکبیر و سەدان لایەنگری تەرێ و زمانی کوردی لە هەمی مەولەویی زانستگەی سنە(لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان) بەڕێوە چوو. ڕێوڕەسمەکە بە چەند پەنەلکێک و چەندان لێدوان و بەرنامەی هونەری و دواتر دابەشکردنی خەڵاتکان کەتایی هات و دیداری دواتری هەژار و سنە کەوتە سایی داهاتوو. ئامادەبوونی کتوپڕی شاعیری"ملوانکەی شین"واتە"شەریف حوسێن پەناهی"(1954)و بە هیچ جارێ شیعرخوێندنەوە یان کورتەئاخاوتنێک،خاڵێکی سەرنجڕاکێشی ئەم ڕێوڕەسمە بوو کە نەزانراچ مەبەستێکی ئاشکرا و نەپندی لە پشتەوە بوو!
شارام نازری(1950)،گەرانیبێژی ناسراویش ستڕانێکی پێشکەش کرد.پانەلێک لەسەر کوردانی خەراسان بەڕێوە چوو، سپاهیی لایین و حسێنپوور لەسەر ئەنجوومەنە ئەدەبییەکان و دیرەکی شیعر لە لای کوردانی خەراسان قسەیان کرد،دوکتەر "عەبدوڕەحمان ئاداک"لەسەر ڕێوتی گۆشە و پەرەسەندنی چاند و زمانی کوردی لە باکوور قسەی کرد،وەرگێڕ و نووسەر "ئازاد بەرزنجی"لە باشوورەوە لەسەر پێویستی زمانەکی یەکگرتوو بە نووسین قسەی کرد،ڕۆژنامەوان و تۆژەری ئەدەبیی "عادە محەممەدپوور"،زمانی بە تاوەر بە گلەرکردنەوەی نەتاوێک لە بن چەترەکدا وەسف کرد و لەسەر دوری هەژار لە لەکنزیککردنەوەی زار و بنزارەکان قسەی کرد. لە کەتاییشدا براوە

سەرکیەکانی خەباتی قەدەمی هەژار بریتی بوون لە: کەوتنی ئاسمانەکان، جەبار جەمال غەریب (بە بەمان) (1961)، بووژانەوەی کورد، ئیسماعیل شەمس (بە مۆژوو) (1975)، کەبارەمی پەفیسەر محەممەد کەمال (بە فەلسەفە) (1955)، تەشەیین نەزمی، عەبدولەحمان ئاداک (بە بەختەی ئەدەبی) (1977)، فەرهەنگی زارەکیی موکریان، سەلاحەدین پایانیانی (1978) و
فەرهەنگی قەومیی شار و گوندەن خەراسانی باکوور، عەلی بەحمەتی (1966). هەروەها بەز لە دیان قەدەمی دیکەیش نرا کە بریتینە لە: عەلیەزا خانی، بەهناز دەشاد، سەیید ئارمان حسەنی، ئیبراهیم ئەحمەدی، کوورش ئەمینی، خوسرەو سینا، سەلاحەدین خەدیو، بەحیم لوقمانی، سەعید نەججاری (ئاسە)، عەلیەزا سپاهیی لایین، یەنس بەزایی، عەلی ئولفەتی، بەئووف مەحموودپوور، بەرکەن بەر، میکائیل بەحمانی، ئیرەج موردای، فەخرەدین ئامەدیان، کیوان ئازاد ئەنوەر، بەزا کەریم موجاوەر، ئیبراهیم شادمان، زەرکەریا بزدوودە، میراد میلان، بەنیا چالی، سەرگوڵ ئارەش، بەسام مستەفا، زاهید ئارمی، لەیلا ساڵحی، شیلان گەیلانی، سەمیرا زەمانیی مونفەرید، فەرید سەفیاری، یەحیا عەلەویيفەرد، عەبدوەلا ئەمینی، و ئەسعەد زەهرایی.
تەبینی: هەژار موکریانی، ساڵی 1966 ئەم کورتەپەیڤە بە زمانەدا دەنەت.
پەیڤکیش ەوو لە میدیاکاران: یەکەم، لە وانە و بنەما سەرکیەکانی کاری ڕاگەیاندن، پەیجەربوون، بەدواداچوون، وردبوونەوە و گەڕانی ژیرانە کەچی میدیاکاران مخابن تەسقاەک خەیان بەم پرسەوە مژول و خەریک نەکردبوو. پەویستە میدیاکار پەش بانگکردنی میوانەک (ستەیج، هەڤپەیڤین یان...) زانیاریی ورد کە بکاتەوە تا قووڵتر ئاوە لە پرسەک بداتەوە یاخە پەواندی نزیکتر دروست بکات.
دووەم، پەشکەشکار هەروەها پەویستە توانای کەنترەکردنی ستەیج و بەرنامەکەی لە ئاستەکی باڵادا بەت.
سەیەم، زمان، دەوری سەرەکی لەم بوارەدا دەبینەت کە هیچ بەردیدە نەکەوت.
چوارەم، ئامادەکارییەکی ئەوتەم لە پەشکەشکارەندا بە بەوەسمەکی لەم چەشنە نەبینی و وەک بەنە و کەسەکی ئاسایی خەی دەنواند.

هەمەر نەریاوی

ژەدەر:

- بە کوردستان، هەژار، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی چوارەم، هەولێر، 2001
- فەرهەنگی کوردواتەنی، ع.ع.شەونم، دەزگای دواەژ، چاپی یەکەم، 2020







خوێندنەوەیەکی جیاواز بۆ ڕۆمانی (تابوتی پەیمانی خودا).. نووسینی: محەمەد سەران

ئاشکرایە ڕۆمان هەژموونی خۆی بەسەر زۆربەی ژانرە ئەدەبییەکاندا سەپاندووە و باڵادەستە، ئەمە تەنیا پەیوەست نییە بە ئەدەب و زمانی کوردییەوە، بەڵکو لە بەشێکی زۆر لە وڵاتان باڵا دەستە بەسەر ژانرەکانی تری ئەدەبدا، ئەمەش بە ئاوەڕۆیەکی گەشتووە کە ڕۆمان بە گشتی هاوشێوەی هەویرە، واتا چەن بیشێلیت ئاوا دەتوانیت شتی تری لە دروست بکەیت.
لەنێو ئەدەبی کوردیدا بەتایبەتی دوای ڕاپەڕین، هەنگاوی زۆر گەورە نراوە و ڕۆمانی زۆر چاپکراون، بەڵام چەند ڕۆمانێک زیاتر چوونەتە نێو خەڵکەوە، ئەمەش شتێکی ئاساییە. ژمارەیەکی زۆر ڕۆمان هەن و چاپیش دەکرێن لە داهاتوودا، هەبوونیان لە نەبوونیان باشترە، چونکە ئەمە دەرەنجامەندیی زمان و ئاگایی نووسەران دەردەخات. (تابوتی پەیمانی خودا)، لە نووسینی سەباح جەلال، لەو ڕۆمانە ناوازانەیە کە هاتووەتە ناو کتێبخانەی کوردییەوە.

ئەم ڕۆمانە بەشێواز و تەکنیکی سینەمایی نوسراوە، ئەفسانەی ناو ڕۆمانەکە نەبیستراوە و نووسەر لەسەر تەرزی سەردەمی تەکنەلۆژیا دروستی کردوون، ئەمەش وای کردووە ڕۆمانەکی قورس بێت بە خوێنەری ئاسایی
ماوەیەکی زۆربوو دەمویست بابەتێک بنووسم بە ناونیشانی: (جیهان لەژێر ڕەحمی زیرەکیی دەستکرد دا)، بەڵام ئەم نووسەرە لە ڕۆمانەکیدا بەشێکی زۆر لە بەچوونەکانی منی نووسیوەتەوە. ئیدی بمانەوێت یان نەمانەوێت، ئێستا تەکنەلۆژیا گەیشتووە بە ئاستێک هەموو کارەکانی مرۆڤ دەکات، ئەمە ئەگەر 20 ساڵ پێش ئێستا بووایە لەوانەیە وەک نوکتە بەکاربهاتایە، بەڵام ئێستا هەموومان لەگەڵ سەردەمدا خەمان گونجاندووە و کارەکانیشی ئاسان کردووین. لەم ڕۆمانەدا چەند بوونەوەرێکی ئاسمانیی کاراکتەرن و هەن، کاتێک چیرۆکی گوندێک و جیهان دەگەڕێنەوە، بەزمانێکی تەواو قورس و تەکنیک و هونەری سینەمایی نووسراوە، زۆر ئاساییە خوێنەر سەرتا لێی

تەنگات، چونکە بەستنەوەی چیرۆکەکان و دروستکردنی وێنەی نەو رەمانەکە سەختن، زیاتر کارکردنن لەمیتادا بەو هەیوە بە بەشێک لە خوێنەران زەحمەتە بزانن، ئایا راناو و سیستمی گێڕانەوەی رەمانەکە ژیریی دەستکردە، یان کامێرای هەسارەکەیە، یان راناوی کەی ئەمە و ئەوانە؟ نووسەر بەمە، ڕووتێکی نوێی بە ڕەمانی کوردی داهێناوە.
ڕەمانەکە بەشێواز و تەکنیکی سینەمایی نووسراوە، ئەفسانەی ناو ڕەمانەکە نەبیستراوە و نووسەر لەسەر تەرزی سەردەمی تەکنەلۆژیا دروستی کردوون، ئەمەش وای کردووە ڕەمانێکی قورس بێت بە خوێنەری ئاسایی، لەبەرئەوەی بەشێکی زۆر لە بابەتەکانی لە خەیاڵەوە سەرچاوەیان گرتووە و لەلایەن نووسەرەوە دانراون.
ئەوەی گرنگە لەم ڕەمانەدا بەرجەستەکردنێکی تایبەتە بە (فەلسەفەی مەرگ)، کە نووسەر بەوە بەناوبانگە توانیوێتی ئەم فەلسەفەیە لە کارە ئەدەبیەکانیدا بگێڕێتەوە بەرجەستە بکات.
ڕووداوی ڕەمانەکە دگاتە سێ گەشەی بەرەدا، هەموو سەرکردە زلهێزەکانی جیهان ڕەمزی دەسەڵاتن، بە ملیۆنەها کەلارەی پشتیانەوە دەکەونە ناو زەریانەوە و ئەوەی ڕزگار دەبێت «تانی فزایی هەسارەکە و تابوتی پەیمانی خودایە بە ملیۆنان کەلارەی قوربانییەکانی بوونەوە و پلاپیتەی جندەکەیە بە ئەسپی سفادلفاری و باڵندە سەمەندەلەکەوە». ئیتر لەسەر زەوی بوونەوەری تێیدا نامێنیت و بە گەیشتنی (تابوتی پەیمانی خودا)ش بە سەر هەسارەکە، هەموو بوونەوەران تووشی تاعوونی تابوتەکە دەبن. ئەوەی زیندووە لە گەردووندا ئەو کەلارانەی قوربانییەکانن لە قابیلەوە هەتا ئەستا، لە ڕەی ڕەمزەوە لەسەر هەسارەکە زیندوو دەبنەوە.

فەلسەفەی مەرگ لەم ڕەماندا

سەرەتا بابەتی مەرگ، وەک یەکێک لە گرنگترین بابەتەکان، لەلایەن مرۆڤایەتییەوە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، مەرگ وەک شێوەلێکی تاریک و ترسناک پەیوەستبوونی بە ژیانەوە هەیە، لەم ڕەمانەشدا کەمێک لەکەوتەی فەلسەفی و کەمێکیاتی و میتافیزیکی و گێان بەدوای جوانیی مەرگ لەنێو پێکهاتەی ئەدەبیاتدا، لەوانە گێانەوە بەتایبەتی لە پێکهاتەی ئەم ڕەماندا، دەیان پرسیاری سەرسوڕهێنەر دەسازێنێت.
لەڕەدا تیشک دەخێنە سەر بناغەی ئەنسەپەلۆژیی دووانەی مەرگ و ژیان، ئەو دووانەیەی نووسەری ڕەمانەکە لە حەقیقەتی ژیانی مرۆڤەوە وەریدەگرێت وەک مرۆڤ، بە پلەی یەکەم مەرگ بە هەموو بوونەوەرێکی زیندوو، هاوسەنگی و چەسپاوی مەرگ لەنێو پێکهاتە و هێڵی گێانەوە و گێانکاری ستوونی لە هێڵی ئەم ڕەماندا لەناو (کات و شوێن) دا، گوتاری بەیەکدا چژانی دەقیان ئەفراندووە لەنێوان زەمەنەکاندا،

پاشان هەڵبژاردنی کاراکتەرێک ڕووبەڕوو کار لەسەر مەرگ بکات، یان دەبێت بکوژێت یان دەکوژرێت لەناو ئاڵوزیی مەرگکدا، نە پرس دەکات نە کەس دەیناسێت، ئەم ئەو فەلسەفەی مەرگیە لەسەرەتای گەردوونەوە بوونەتە دەرەنجامی هەموو بوونەوەرێکی زیندوو، گەرچی ژیان، تەکنەلۆژیا و ئەلەکترۆن لەم ڕەمانەدا هەنگاوی گەورە دەنێن، مەرگ وەک نهێنیەکی ئاڵۆز، وەک مەتەڵکی ئاڵۆز بەبێ چارەسەر دەمێنێتەوە، بەکو کەڵک هاڵە و خەیاڵات-ی پەیوەستە بە جۆرێک لە ئەنتەلۆژیای فیکری لەنەو گیان بەدوای دووانەی مەرگ و ژیان. لەگەڵ ئەوشدا نووسەر خۆی نەبەستووەتەوە بە کاراکتەرێکەوە، قورسیشە ڕۆڵی کاراکتەر دیاریی بکرێت، زۆر شەوی نامەی هەناوە وەک کاراکتەری تەکنەلۆژی و بایەلۆژی و ئاسایی و نیوە مرۆ و نیوە بوونەوەر و جندۆکە و شەیتان، ئەم لەڵای من زۆر جوانتر بوو، لەبەرئەوەی ئەو شەوازە تەقلیدیە بشکێنین لە ئەدەبی جیهاندا هەیە و تەنیا یەک کەس کاراکتەری سەرەکیی چیرۆکەکە بێت. دەکرێت ئەم ڕەمانە بکرێت بە دەروازەیەک بۆ تازەگەری لە ڕەماندا، لەبەرئەوەی نووسەر وەک ئەوانیتر خۆی بە چەند بابەتکەوە نەلکاندووە، بەتایبەت لە ڕووی کاراکتەرەوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا بوێریە. پرسیارەکانی نەو ئەم ڕەمانە لەسەر بوون و فەلسەفەی مەرگ و زانستەکان، دەمانخەنە ناو شێلەکانی جیهانەوە. بۆچی؟ لەبەرئەوەی لە دوای خوێندنەوەی ئەم ڕەمانە، جیهانبینییەکی جیاواز و خوێندنەوەی تایبەتمان هەیە بە ڕووداوەکان بگشتی، لەبەرئەوەی نووسەر چەند پرسێکی مرۆیی و سیاسی دەوروژێنێت و کاری لەسەر دەکات.

خاڵێکی تر لەوەی وایکردووە ڕەمانێکی قورس بێت بە خوێنەر ئەوەیە، ناوی کاراکتەرەکان قورسن و تێگەیشتن لێیان کاتی دەوێت، ئەگەر کەسێک خوێنەرێکی جدی نەبێت، ناتوانێت وەک خۆی لێی تێبگات. بە ڕای من نووسەر لەبەر دوو خاڵ وایکردووە:

یەکەم: لەبەرئەوەی ئەمەی کوردە لە چاو نەتەوەکانی تردا، داهێنانێکی ئەوتۆی گەورەمان نەکردووە شایەنی باس بێت، بۆتایبەت تر لە بواری زیرەکیی دەستکردا، ئەمە تەنیا بەکارهێنەرین.

دووەم: لەبەرئەوەی بکرێت بە ڕەمانێکی جیهانی و وەرگێڕانی بۆ زمانەکانی دیکە و بۆتایبەت تر بۆ ئینگلیزی ئاسانتر بێت.

یەکێک لەو کاراکتەرانەی جێگەی سەرنجە (موزیک)ە کە منداڵێکی بچووکە، کاتێک بوونەوەرە ئاسمانییەکان دێنە گوندەکەیان. خۆی و خوشکێکی لەماڵ دەبن، هەموو خەڵک هەڵدێن و ئەو لەماڵەوە بۆجە دەمێنێت و بوونەوەرەکان دەیبەن. کاتێک زۆر دەگەڕی ئەوانیش سەگەکیان لەگەڵ دەبێت، ئیتر بەشیری سەگ ژیر دەبێتەوە. دواتر هەر

بەناوی سۆکاوە بانگی دەکەن و پێی دەڵێن: (جەرج)، هەتا کۆتایی هەر بە (جەرج) دەمێنێتەوە. دواتر لە ڕۆگەی جادووگەرێکەوە نیوەی دەکەن بەبوونەوەر و نیوەکەی تری بە مرۆڤ. کاتێک دۆگەتەوە بە سەر زەوی لەبەرئەوەی زانیاریان بە کەبکاتەوە، تەماشا دەکات، (سینارێی) خوشکی لە بەڵەمەکەدا خنکاوە و باوکی دوای ئەوە مردووە، چیرۆکەکان لە زاری دایکییەوە دەزانێت. چیرۆکەکە زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام دەکرێت بکرێت بە ڕۆمانێکی جیهانی، لەبەرئەوەی دەقێکی نامۆیە و لەنێو کورد و بەشێک لە نەتەوەکاندا ئەمە یەکەم ڕۆمانە بەو شێوازە نووسراوە، چونکە وێنەی داهاتوومان نیشاندەدات و پێمان دەڵێت: ئیدی هیچ شتێک بە نهێنی نامێنێتەوە.
دەکرێت سەد ساڵی دیکە بوونەوەرە ئاسمانییەکان حوکمی جیهان بکەن و هەموو ژیانی ئاسایی ئەمە بە کلیکێک ببینێنەوە، نووسەر ئەوەمان نیشاندەدات جیهان بەرەو تاکگەرایی دەڕوات، بەشێکی زۆر لە کاراکتەرەکان تەنیان، یان بەتەنیا دەژین. ئەمە یەکێکە لە خاڵە نەرێنییەکانی زیرەکیی دەستکرد، چونکە وادەکات ڕەبەت کارەکانی مرۆڤ بکات و ئیدی هیچ جۆگەیەک پەیوستی بە مرۆڤ نەبەت و هەموو لە ماڵێکدا بەتەنیا بژین. ئەمەش وادەکات مرۆڤ دوای ئارەزووە جەستییەکانی بکەوێت.
نووسەر ئەم وێنەیەمان زۆر بە جوانی نیشاندەدات. کاتێک هەموو کەسەکان لە ماڵێکدا بەتەنیا دەژین، ئیدی هیچ نامێنێت کاری لەسەر بکەن، جگە لە خەیان و ئارەزووەکانیان. ئەمەش زیاتر وێنەی تاکەکی ئەوروپی نیشاندەدات لە ماڵێکی ڕووبەر بچووکدا کە لەگەڵ سۆگێک یان پشیلەیەکدا دەژین. ئەمەش ڕۆگە خۆشکەر دەبێت بە هاوڕێگەزبازی، کاتێک نووسەر دووبارە ئەم باسە دەوروژێنێت و وێنەیەکی تەواو نامۆ بە کەمڕێگەی ئەمە نیشاندەدات. پەیوستە بڵێین، جیهان لە سایەی زیرەکیی دەستکرددا شارستانییەت و مرۆڤایەتی خۆی لەدەست دەدات، بۆچی؟ لەبەرئەوەی هەموو مرۆڤەکان بیر لە خەیان دەکەنەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە تەنیا هەوەدانە بە تەرکردنی سک، دواتر تەرکردنی ئارەزووەکان و هیچ بیر لەوە ناکەنەوە بە چ ڕۆگەیەک تەری دەکەن. ئەوەی لەڕادە دەبەتە پرسیار ئەوەیە، ئایا ڕووداوەکان دەبن بە ڕاستی؟
هەر دەقێک یان هەر ڕۆمانێک دەنووسرێت بە خەیاڵ، لە داهاتوودا دەبەت بە دوو شت: یان ئەوەتا دەبەت بە واقعی کەمڕێگە و جیهان، یاخود دەبەت بە ئەفسانە، بەڵام بەشێکی زۆر لەو ڕووداوانەی لەم ڕۆمانەدا ڕوودەدەن، بوون بە واقعی کەمڕێگە و جیهان. خاڵێکی بەهێزتری ئەم ڕۆمانە کە هەست دەکەم لەلای خوێنەران جۆگەی سەرنج، ئەویش خوێندنەوەیە بە ڕووداوە سیاسییە جیهانییەکان. لە

ڕەمانەکەدا سەپەرمانییەتەکی بوونە دەبینین. نووسەر بەبە ترس کار بە سەرکردەی وەاتە زلهێزەکان دەکات، وەک (نەتانیاهۆ، جۆو بایدن، ڤلادیمێر پوتین و شی جی بینگ و دۆناڵد ترەمپ)، وەک ئۆوەی دادگایی جیهان بکات و شۆشی سپی یاسا و ڕێوی جیهان بگۆڕێت، خۆ ئەگەر واش بێت بۆنا؟ چونکە گۆڕانکاریی لە جیهاندا لە ڕێی ڕەمانەوە دەکرێت.

هەر ڕەمانە کەمەگە و دەسەاتەکان دەگۆڕێت، هەر بۆیە نووسەر دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت کە وەاتە زلهێزەکانی جیهان لە ڕەگەی زیرەکیی دەستکرد و تەکنەلۆژیاوە دەتوانن هەژموونی خۆیان بەسەر وەاتەکانی تردا بسەپێنن و هەڵی کەمەکوژییش زیاتر، لەبەرئەوەی گەیشتووین بە ئاستێک هیچ نهێنییەکمان نەماوە، بۆیە دەبێت وردتر کار لەسەر بکەڵتورکردنی خەمان و دابونەریتمان بکەین، چونکە ئەمە ئەستاش لەژێر مەترسیی جینەسایەددایین، خاک و زمان و گەنج و کەمەگەمان داگیرکراوە. وەک پێشتر باسمان کرد، نووسەر بەبە پەردە ناوی سەرکردەکان دەهێنێت، بۆیە دەبێت بڵێین ئەمەش یەکێکە لەو خاڵانەی وادەکات بەجیهانیی بکەین و هەموو خەڵک پێی ئاشنابن.

ڕەمان دەبێت لە داخراویی ناوچەیەوە بپەڕێتەوە بە جیهان. پرسیار بکەین: کامەیە جوگرافیای ئەم ڕەمانە؟ هەسارەی خەرهەاتە، یان گوندی دەلفین و وەاتی کەهرەبە موگناتیسییەکە؟ لە کاتێکدا زەر ڕووبەر لەسەر زەوی و هەسارەکان نیشاندەدات؟ بەمەش لە ڕەهەندی جیهانیشەوە پەیوەندەوە بە هەسارەکانی گەردوون.

پرسیارەکانی ئەم ڕەمانە لە ڕووی زانستی و ئەدەبی و هونەرییەوە خوێنەر سەرقاڵ دەکەن و ڕەمانەکە دیالەگی نێوەکانە. ئەگەرچی ڕەمانی کوردی بەگشتی هەشتا لە داخراویی ناوچەیی و گەرانەوەی مەژوودایە، بەڵام ئەم ڕەمانە ئەو تەقلیدەی تێپەڕاندووە و جیاوازە.

نووسینی: محەمەد سەران



بەرپرسێکی جەنابی دکتۆر لەتیف ڕەشید داوای لێبوردن بکەن.. عەلی مەحمود محەمەد

هاوولاتیيەکی عێراقیيەکان تووڕە بوون لەوەی سەرکی پێشووی ئەمریکا ڕۆناڵد ترامپ, 4 لە ئێندامانی بلاك وتێری ئازاد کرد, کە تەمەتبار بوون بە کوشتنی 14 هاووڵاتی سڤیلی عێراقی لە گەڕپانی نسور لە سێپتەمبەری 2007, هەرچەندە کەمپانیاکە بە هەر کوژراوێك جگە لە یەکیان 100000 دۆلارو برینداركانیش هەر یەکەی 50000 دۆلار قەرەبووی ژماردووە.
لەسەر دانانی ئایای کەنی عێراقی لە کەبونەوەی نەوان شاندی حکومەتی ئوردن و عێراق, وەزیری کشت و کاڵی عێراقی محەمەد خەفاجی داوای لە حکومەتی ئوردنی کرد داوای لێبوردن بکات, کەچی حکومەتی ئێستای عێراقی کە میراتگیری حکومەتی پێشووی بەعسی روخاوە, تا ئێستا ئامادە نییە داوای لێبوردن لە قوربانیانی تاوانکان رابردووی کوردستان و عێراق بکات, قوربانیان ژمارەیان 16 کەس نییە, بەڵکە دەیان هەزاری ئەو ژمارەیەیە, وە دسیەکە ئایەکی بە هەڵە دانراو نییە, بەڵکە 4049 گوندی تێنها لە کوردستان لە گەڵ زەوی تەخت کردووە, زیاتر لە 185 گوندو شاری کیمیابارانکردووە, نزیك ملیۆنك هاووڵاتی کەمەکوژ کردووە, ژێر بیابانە پان و بەرینکانی عێراقی تژی کردووە لە روفاتی قوربانیان, لە کوەو

هەیدەکەیت ئەسك و پرسکی مرۆڤت بۆ دەردەکەوێت, وەك بۆتە گەنمکی بۆ کەمەری پان و بەرین ئەمسرو ئەوسەری نییە.
کلتوری داوای لێبوردن کردن
کلتوری داوای لێبوردن کردن, کلتورێکی مرۆڤدۆستانەی مەدەرنە, کلتوری کۆتایی کۆلۆ رۆقی سستەمی دەربەگایەتی پیاوسالاریە, هەست کردنە بە هەڵەی رابردوو, دان پێنانە بە تاوان, پاککردنەوەی ویژدان و رزگاربوونە لە دەندەیی, پاککردنەوەی مەژووە لە ناشرینییەکان رابردوو, گەردن ئازاییە لە قوربانیان, هەرچەندە هەموو بۆچوون و کەسکان ناتوانن خۆیان لە دەندەییەکان رابردوو پاك بکەنەوە, کلتورێکە ئازایەتی دەوێت بۆ بەرەو روبوونەوەی رابردووی ڕەش.

بۆ نایکەن؟
20 ساڵە لە هەمبەر ئەو تاوانانەی لە رابردوودا دەوڵەتی عەراق بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان ئەنجامی داوە، داوا دەکرێت سەرۆك کۆماری عەراق وەك هەمای باڵای وڵات داوای لێبوردن بکات.
ئەرکی جەنابی تاڵەبانی و بارزانی و فوئاد مەعسوم و بەرهەم ساڵح بوو پێشتر ئەم کارە بکەن،" بارزانی مانگێك بووە سەرۆك کۆمار" دەبوایە ئەو ئەرکەیان وەك کاری یەکەمیان جێبەجێ بکردبایە، دەبوایە بەدوای سوێندخواردنەکانیان یەکسەر بەم ئەرکە هەڵبستنایا, دەیان جار ئەم داوایەی بەرەو رویان کرایەوە، کەچی وەڵام نەبوو، ئەوان نەیانتوانی بە ئەرکی ئەخلاقی خۆیان هەڵبستن و سەروەریەك بە مرۆڤایەتی و مەژوو و خۆیان تەمار بکەن. داواکارییەکە تەنها بە کورد نەبوو بەڵکە بە مرۆڤایەتی بوو، ناویان لە ریزی ئەوانەدا تەمار دەکرا لە وڵاتانی خۆیان بەو شێوە هەوەستە مرۆیانە هەڵستاون، ئەوان مەژوو لە یادیان ناکات.

دکتۆر لەتیف ڕەشید تە ئەنجامی بدە

